www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 22:19 11-12-2006

## لە پاش گول باران کردنی ئەمریکا ئیمجارە بۆ ریسواکردنی ئەمریکا... رزگار کۆچەر

rzgar_kochar@hotmail. com

کە گارنەر هات هەموو گوڵی کوردستاننتان پێدا کرد، کام کچی جوانی ولات هەبوو لە پێشتان ریز کرد، ، ئالآی ئەمریکاتان لە شای ولۆخانەکانتان دەکردە دەسەسری سەرچۆپی و کام شۆخە کچ هەیە رەوانەی دەستی مارنزە بی دایك باوکەکان دەکرد، بە ئیمەتان دەگوت ئەمریکا باشترین دۆستی کوردە، ولآتمان بۆ دروست دەکات... کوردستان دەکاتە هۆنگ کۆنگ، ئێوە گوتان کوردستان ولایەتێکی تری ئەمریکایە، کە بۆش دەرچوو تەقەی خۆشیتان کرد دەستان بۆ ئاسمان بەرز دەکردوو دەتان گوت خوایە حاجی بۆش بپارێزیت، ئالای ئەمریکاتان لە پاڵ ئالای کوردستان لە یەخەی خۆتان دا، وەك ئەوان پاسەوانەکانی خۆتان فێر کرد سینگیان بکەنەوە..

ئێوە خۆتان باشتان دەزانی ئەمریکا لە ژێرەوە لەگەل بەعسیەکان دادەنیشیت کەچی نەتان گوت بۆ بەعستان روخاندوو بۆ لەگەلیشیان دادەنیشین!!...

ئالآی کوردستانیان لە کەرکوك هێنا خواری گوتان ئەوان نین، پتشتگیریان لە سیاسەتە چەوتەکانی بەری بەناو تورکمانی کرد قسەتان نەکرد، تیرۆستانیان ئازاد کرد بی دەنگ بوون، بریمەر هەرچی درۆ هەیە بۆتانی هەڵبەست خۆتان بی دەنگ کرد...

ئێستاش پاش کەشف بوونی یەکێك لە وەرقەکانی بەرژەوەنترین دەسەلآتی دونیا دەتانەوێت پێمان بلێن تەواو ئیمزا کۆ دەکەینەوە... دێینە سەر شەقامەکان... نارازین لە راپۆرتەکەی بێکەر – هاملتۆن... دەتانەوێت تازە ئەو تۆییەی کە ئێوە خۆتان لە مێشکی ئێمەمانانتان چاندوە وا بە ئاسانی وشکی کەن!!!

ئاخر ئێوە ئەوەندەتان گوت ئەمریکا هێزی رزگاری کارە... ئەوەندەتان گوت ئەمریکا ئەمەریکا.... مێشکمان پر بوو.... خۆتان واتان بە ئێمە گوت خۆتان واتان کرد چەپلە بۆ مارنزەکان لێبدەین... خۆتان واتان کرد ئەوەمان لە بیرچێت کە ئەمریکا خۆی بە ئەجیندەیەکی تایبەت هاتۆتە ناوچەکەو بەرژەوندی خۆی نەوەك بە کوردستان بەڵکو بە هەموو دونیاش نادا...

ئێوە باشتان دەزانی ئەمریکا بە سیاسەتێکی چەوت و هەڵە زەقەکانی برێمەر هەر سی کابینەی دامەزراوی حکومەتی عێراقی لە فەشەل بۆ فەشل دەبات کەچی وا خوتان بی دەنگ کردبوو واتان لە خەیاڵ بوو کورد لە ئەجیندەی ئەمریکا خالّی بە هێزو چارەسەر کردنی کێشەکانە...

دەتان گوت بۆ پرسە چارەنوس سازەکان ئەمریکا پرسمان پی دەکات... مشورمان دەکات... گوێمان لێدەگرێت... قبولی رایەکانمان دەکات...

کەچی وا دەرنەچوو ئەوا خۆتان دەبینین نە ناوی هێناون نە پرسیشی پی کردوون!!!

جا پێش ئەوەی پلانی ناحەزان بە هاوکاری ئەمریکای داگیرکار سەربگرێت بگەرێنەوە بۆ جەماور بەرژەوەندیە ستراتیجیەکانی گەلی کوردستان لە پێش دۆستایەتی ئەمریکا دابنێن و هەر لە ئێستاوە هەوڵ بدەن کار بۆ رەخساندنی ریفراندۆمێك بۆ سەربەخۆی کوردستان بخەنە بەرنامەو کاری خۆتان میکانیزمی سەربەخۆی کوردستانیش بکەنە ئەمری واقع واز لە هاپەیمانەیەتی ئەمریکا وشیعە و سونەکان بهێنن...